# یاسای خانەنشینی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی هەرێمی کوردستانی ـ عێراق

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەل**
**ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی بڕیار: ٢٥**
**ڕۆژی بڕیار: ١٩٩٩/١١/٨**

## «بڕیار»

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی حوکمەکانی بڕگە (٣)ی مادده دوو لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوەو ،لەسەر ئەو بنەمایەی کە لە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/١١/٣یدا یاساکاری کردووە بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەمان دا:

## یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ١٩٩٩
## یاسای خانەنشینی ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی هەرێمی کوردستانی ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

مەبەست لەو کوزارشتانەی خوارەوە ماناکانی تەنشتیانە بۆ مەبەستی ئەم یاسایە:

١ـ هەرێم: هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢ـ ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی نیشتمانی هەرێم.

٣ـ ئەندام: ئەندامی ئەنجوومەن.

٤ـ مووچە: مووچەی ئەسلی (الراتب الأصلي) کە ئەندامی بەردەوامی ئەنجوومەن لە خزمەتدا وەری دەگرێ.

٥ـ دەرماڵە: ئەو دەرماڵەیەی ئەندامی بەردەوامی ئەنجوومەن لە خزمەتدا هی (زەوجییەو منداڵان و، میوانداری و، سوکنا) وەری دەگرێ.

٦ـ مووچەی خانەنشینی: تێکڕای ئەو مووچەیەی ئەندام پاش بە کۆتایی هاتنی ئەندامییەتی، یان لە دەستدانی ئەندامیەتییەکەی وەری دەگرێ.

**ماددەی دووەم:**

آـ سەرۆکی ئەنجوومەن و جێگرەکەی و سکرتێر و ئەندام دوای بە کۆتایی هاتنی ئەندامییەتیان، یان لە دەستدانی ئەو ئەندامیەتییە مووچەیەکی خانەنشینی مانگانە و دەرماڵە وەردەگرن کە بڕەکەی (٦٥ ٪)ی ئەوە دەبێ کە هاوکارە بەردەوامەکانیان لە ئەنجوومەندا مانگانە وەری دەکرن.

ب ـ سەرۆکی ئەنجوومەن وجێگرەکەی و ئەندام لەکاتی بە کۆتایی هاتنی ئەندامییەتییەکەی، یان لەدەستدانی ئەو ئەندامییەتییە پاداشت(مکافا)یەکی پێ دەدرێ کە بەرامبەرە بە مووچەو دەرماڵەکانی شەش مانگی و، دوامووچە و دەرماڵەکانیشی بەبنەما وەردەگیرێ بۆ حساب کردنی ئەمە و بۆ تەنها یەک جار، هەرچەندە ئەندامییەتی لە خولەکانی هەڵبژاردندا دووپات ببێتەوە.

**ماددەی سێیەم:**

آـ ئەوەی لەم یاسایەدا سوودمەند دەبێت ناتوانێ مووچە و دەرماڵەکانی کە وەری دەکرێ لە هەمان کاتدا کۆیان کاتەوە لەکەڵ ئەو مووچەو دەرماڵانەی کە شیاوییەتی لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ ئەندامییەتی ئەنجوومەن.

ب ـ ناکرێ مووچەی خانەنشینی لەکەڵ هەر مووچەیەکی خانەنشینی تردا پێکەوە کۆ بکرێنەوە جا لە هەر لایەکەوە بێ.

ج ـ لەکاتی دامەزراندنی ئەندامی خانەنشین لە پایەی وەزیری، یان لە وەزیفەیەکی کشتیدا دەتوانێ سەرپشک بێ لە هەڵبژاردنی هەر کامێک لەوەی کە بەپێی ئەم یاسایە وەری دەکرێ، یان ئەوەی کە شیاویەتی پێی بدرێ لە وەزیفە تازەکەیدا.

**ماددەی چوارەم:**

ئەندامی خانەنشین لە هەموو مافێکی کە لەو یاسایەدا دەقی کرتووە بێ بەری دەکرێ لەکاتی حوکم بەسەرداداتی لە تاوان، یان کەتنێکی نابڕوبەردا، یان حوکم بەسەردادانی بە بەند کردنی هەتا هەتایە، یان کاتی، یان ئیعدام لە یەکێک لەو تاوانانەی کە ئاسایشی ناوخۆ، یان ئاسایشی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەئەنگێوون.

**ماددەی پێنجەم:**

آـ هەموو مانگێک بەشی خانەنشینی بەڕێژەی(١٠ ٪) لەمووچەی ئەسڵی ئەندامی ئەنجوومەن دەبڕدرێ، بەڵام ئەو بڕە پارەیەی کە لەسەری کەڵەکە بووە بە یەک کوژمە، یان بە قیستی مانگانە لێی دەبڕدرێ بە کوێرەی ئارەزووی ئەندامەکە.

ب ـ میراتگرانی ئەندامی کۆچ کردوو لە پاشماوەی ئەو قیستانە دەبەخشرێن (عفو) دەکرێن کە لەسەری ماوە.

**ماددەی شەشەم:**

لە کاتی کۆچی دوایی ئەندامی خانەنشین، میراتگران مووچەی (خانەنشینی)یان دەکەوێ بە پێی ئەم یاسایەو بە پێی حوکمەکانی یاسای خانەنیشینی مەدەنی بەرقەراریش بەسەریاندا دابەش دەکرێ.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەندامی خانەنشینی ئەنجوومەن حوکمەکانی یاسای خانەنشینی شارستانی ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٦٦ی هەمواركراو دەیگرێتەوە، ئەگەر دەقێك لەم یاسایەدا نەهاتبێ.

**ماددەی هەشتەم:**

کار بە هیچ دەقێك ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژبێ.

**ماددەی نۆیەم:**

لەسەر ئەنجوومەنی وەزیرانە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکات.

**ماددەی دەیەم:**

حوکمەکانی ئەم یاسایە لە (١٩٩٢/٦/٤)وە وە جێبەجێ دەکرێن و لە رۆژنامەی رەسمیشدا بلاو دەکرێتەوە.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**